### ٨٣ کەس بەهۆی بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان دەسگیر دەکرێن

پ.موسڵ/ (د.امین الشیخکی) بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی موسڵ بە"میدیا"ی ڕاگەیاند کەفەرمانگەکەیان توانیویەتی لیژنەیەکی تایبەت بەپێداچوونەوە لەسەر زیادبوونی ڕێژەی بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان لەموسڵ پێکبێنێ، ئەوەشی گوت کە لەماوەی ڕابردوودا ٨٣ کەس لەوانەی کەرێژەیەکی زۆری مادده بێهۆشکەرەکانیان بەکارهێنابوو دەسگیرکراون. هاوکات هێزەکانی ئاسایش توانیان چەند بازرگانێك کە لەموسڵ کاری کڕین و فرۆشتنی ئەو ماددانەیان دەکرد دەسگیر بکەن و ڕەوانەی دادگای تایبەتیان بکەن.

### نابێ کەس بەبێ فەرمانی دادوەر دەسگیر بکرێت

پ.موسڵ/ نەرمین عوسمان وەزیری مافی مرۆڤی عێراقی بەوەکالەت، ڕایگەیاند کەهەموو دەزگاکانی ئاسایش ئاگادارکراون کەهیچ هاوولاتیەك بەبێ فەرمانی دادوەر دەسگیر نەکەن، هاوکات پێویستە تۆمەتبار لەو تۆمەتە ئاگادار بکرێتەوە کە ئاراستەی کراوە بەو زمانەی کە خۆی لێی تێدەگات. هەروەها پارێزەرەکەشی لەکاتی لێکۆڵینەوەی بەرایی و دادوەریدا ئامادە بێ و بەهیچ جۆرێکیش نابێ ناچار بکرێت لەشایەتی دان و دانپێدانان. هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو هاوولاتیە مافی ئەوەی هەیە کەسوکاری ببینێ و پەیوەندیان پێوە بکات، جێگاکەشی شایستە بێت بەمرۆڤ.
شایانی باسە ئەوە پاش ئەوە هات کەچەند کەسێك دەسگیر کرابوون و لای هەندێك ڕێکخراوی تایبەت بەمافی مرۆڤ لەعێراق شکاتیان کردبوو کەتووشی ئازاردان و ئەشکەنجە بوونە.

### هەرکی بەشەڕ دێن

پ.بەردەڕەش/ کاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژی ٢٠٠٥/٨/٢٦ لەبەنزینخانەی شارۆچکەی بەرتللە، لەسەر نۆرەی بەنزین، شەڕێك لەنێوان هەرکیەکانی نیشتەجێی کەلەك و چەند هەرکیەکانی نیشتەجێی بەردەڕەش ڕوویدا، لەشەڕەکەدا کەچەکی تێدا بەکار هات، گوللەیەك بەکارمەندێکی بەنزیخانەکە کەوت و بریندار کرد. کە مەسیحیەو خەڵکی بەرتللەیە.

### ترێلەیەك وەردەگەڕێ

پ. سنە/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٨/٢٤ لەجادەی سنە- مەریوان ترێلەیەکی قیر هەڵگر کەبەرەو مەریوان دەڕۆیشت وەرگەڕاو لەئەنجامدا دوو کەس بەناوەکانی (ئەسعەد کەریمی) و (سامان ئیمامی) گیانیان لەدەستدا.

### ژنێك خۆی دەسوتێنێ

پ. مەریوان/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٨/٢٥ ئافرەتێکی تەمەن ٢٢ ساڵان بەناوی (پەروین داودی) خەڵکی گوندی میانەو دانیشتووی مەریوان بەهۆی کێشەی خێزانی لەگەڵ مێردەکەی ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداو گیانی لەدەستدا.

### دایکێك منداڵەکەی خۆی دەکوژێ

پ. کرماشان/ شەوی ٢٠٠٥/٨/٢٥، ژنێکی تەمەن ٢٥ ساڵ بەناوی "نەجیبە" کەخەڵکی پاوەیە، پاش ئەوەی لەبەشی منداڵبوونی نەخۆشخانەی ناوەندی شاری کرماشان منداڵی بوو، هەڵدەستێ بەخنکاندنی منداڵەکەی و دواتر بەرەو دەرەوەی نەخۆشخانە رایکرد، بەڵام لەلایەن پۆلیسەکانی بەر دەرگای نەخۆشخانەکە دەسگیرکرا.

### بەهۆی پەنیر خواردنەوە، ١٥ کەس ژەهراوی دەبن

پ.ڕواندز/ ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٥/٨/٢٩ لەڕواندز پازدە کەس بەهۆی خواردنی پەنیری خۆماڵی ژەهراوی بوون، دواتر بەمەبەستی چارەسەرکردن و چاودێریکردنی پزیشکی خرانە نەخۆشخانە. جێگای باسە ئەوانە لەژەمی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممەدا پەنیرەکەیان خواردبوو بۆ بەیانی پێی نەخۆش کەوتن.

## جێگری پارێزگای هەولێر:

# بەنرخێکی زۆر گران قیری شلمان لەئێران دابین کردووە

فەخرەددین مەهابادی- هەولێر/
سەرەرای ئەوەی کە زۆربەی کۆڵان و شەقامەکانی ناو شاری هەولێرو دەوروبەری چاککراون و شۆستەیان بۆ دانراوە، بەڵام کاری قیرتاو کردنیان بۆ نەکراوە، ئەمەش بۆتە جێگای نارەزایی هاوولاتیان و داوا لەحکومەت دەکەن بەزووترین کات کۆڵانەکانیان بۆ قیرتاو بکات، ئەگینا لەوەرزی زستاندا تووشی کێشە دەبن، لەبەرامبەریشدا جێگری پارێزگای هەولێر دەڵێت، هەوڵدەدەین لەدوو مانگی داهاتوودا چ لەرێگەی کەرتی تایبەت یان لەرێگەی کارگە حکومییەکان ئەو گرفتە چارەسەر بکەین.
تاهیر عەبدوللا جێگری پارێزگای هەولێر لەلێدوانێکدا بۆ (میدیا) هۆکاری ئەم کێشەیەی گەراندەوە بۆ کەمی کارگەکانی بەرهەمهێنانی قیرو باری نالەباری عێراق و گوتی "ئەم کارگانە لەئاستی پێویست دانین و جگە لەوەش بەهۆی بارودۆخی نالەباری عێراق، کێشەی هێنانی قیری شلمان هەبوو کە سەرچاوەکەی لە ناوەراستی عێراقە".
جێگری پارێزگای هەولێر لەبارەی چارەسەری ئەم کێشە باسی لەوەکرد کە بەردەوام لەهەوڵداندان بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەو گوتی "توانیومانە لەرێگەی کەرتی تایبەت لەولاتانی دراوسێ وەکو ئێران بەچەندین بەرامبەری نرخی خۆی قیر بۆ پارێزگای هەولێر دابین بکەین".
تاهیر عەبدوڵلا، ئەوەی بۆ (میدیا) ئاشکرا کرد کە هەوڵدەدەن لەدوو



مانگی داهاتوودا چ لەرێگەی کەرتی تایبەت یان لەرێگەی کارگە حکومییەکان، ئەو گرفتە چارەسەر بکەن، دەڵێ "ئێمە تەنیا پێنج کارگەی قیرمان لەپارێزگای هەولێر هەیەو زیاتر پێداگیرین لەسەر قیرتاوکردنی شەقامە سەرەکییەکان"، لەو بارەشەوە شەقامی مەخموورو گەرەکی ٩٤و رێگەی عەنکاوەو فرۆکەخانەو شەقامی ١٠٠ مەتری بە نمونە هێنایەوە، ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەو کۆڵانانەی کە بە کەڵکی قیرتاو کردن نایەن کۆنکریت کراون.
لەکۆتاییشدا هیوای خواست کە لەساڵی داهاتوو کێشەی کەمی قیر نەمێنێ و دووبارە دەست بە قیرتاوکردنی شەقامەکان بکەنەوە.

## دکتۆر محەممەد خۆشناو- وەزیری تەندروستی:

# نرخی کەرەستە سووتێنراوەکانی کۆگای سلێمانی، لەنیو ملیۆن دۆلار زیاتر نییە

پ. سلێمانی/ کاتژمێر هەشت و نیوی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٥/٨/١١ کۆگای دەرمانی هەرێم لەناوچەی پیشەسازی گڕیگرت. زوو بەدەمەوەچوونی پیاوانی ئاگرکوژێنەوە بووە هۆی ئەوەی کە ڕێگە بگرن لەسووتانی (٧) کۆگای تری وەزارەتی تەندروستی و دەرهێنانی (٦) لۆری کەرەستە لەکۆگا سووتاوەکە.
لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا وەزیری تەندروستی ئاماژەی بەوەدا کە دوو ئیحتمال هەیە بۆ ئەو سووتانە، یەکێکیان ئەوەیە کە بەقەزاو قەدەرو لەرێگەی شۆرتی کارەباوە سوتاوە. ئیحتمالی دووەمیش ئەوەیە کە ئەو کۆگایە سوتێنرابێت و ڕای شەخسی منیش وایە، ئەویش بۆ ئەوەیە کە ئەگەر نەقسێك هەبووبێت بشاردێتەوە. دکتۆر محەمەد خۆشناو گوتی "کاتێك لەسەربانی کۆگاکەوە چووین بۆ کوژانەوەی ئاگرەکە، بینیمان کە دەرگای کۆگای دووەم کراوەتەوەو ئەگەر ئەو کۆگایە بسووتایە، هەر حەوت کۆگاکەی تریش دەسووتان، من وادەزانم کردنەوەی ئەو دەرگایە بەمەبەست بووە، بۆیە بەلیژنەکانمان گوتووە کە زۆر بەتووندی ئیجرائات وەربگرن".
وەزیری تەندروستی لەبارەی لیژنەکانەوە گوتی "بۆ دەرخستنی هۆکارەکەش سێ لیژنە پێکهێنراوە، لیژنەیەکی وەزارەتی تەندروستی بەسەرۆکایەتی دکتۆر جەمیل. دوو لیژنەکەی دیکە لەژێر کۆنترۆڵی ئاسایش و پۆلیسدایە".
لەبارەی کەرەستەکانەوە گوتی "ئەو مەخزەنە کەرەستەی نەشتەرگەری تێدابووە کە بۆ پاکژکردنەوەی پێویستیان بە (٢٠٠) پلەی گەرمی هەیەو بەسوتان لەناوناچن، بۆیە ئەگەر نەقسێك هەبووبێت و ویستبێتیان بیشارنەوە، هەرزوو کەشف دەبن".
ئەو بەرپرسەی وەزارەتی تەندروستی لەبارەی ئامێری تەختیتەوە کە سووتاوە گوتی "(٨٢) جیهازی تەختیتی تێدا بووە نزیکەی (٢٥) دانەیان لەسووتان رزگار کراون، بۆیە ئەگەر ئەو ئامێرانە نەدزرابێتن، دەبێت بەسووتاوی مابێتنەوە. لەکاتێکدا دەبوو ئەو جیهازانە لەو مەخزەنەدا نەبوونایەو لەسەر ئەو مەسەلەیەش لێکۆڵینەوە دەکەین".
وەزیری تەندروستی ئەوەی رەتکردەوە کە جیهازێك سووتابێت کە لەعێراقدا دەگمەن بووبێت و ئاماژەی بەوەدا کە کەرەستە سووتاوەکان لەعارەبانەی کەمئەندام و جیهازی تەختیت و بەنجی ددان و سەماعەو جیهازی زەخت پێکهاتوون.
لەبارەی ئەو کەسانەی کە گومانلێکراون و دەستگیر کراون، دکتۆر جەمیل- بەرپرسی لیژنەی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی تەندروستی گوتی "تائێستە (١٦) فەرمانبەر دەستگیر کراون".

# سەرنووسەرو خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی خورماڵ (٤٨) کاتژمێر لەبەندیخانەی هەڵەبجەی شەهیددا بەندکران

فازڵ نەجیب- سلێمانی/ دوای ئەوەی لەرۆژنامەی (خورماڵ)دا هەواڵێك لەسەر مانەوەی بڕێك گازی مۆلیدە بڵاوکرایەوە، سەرنووسەری ئەو رۆژنامەو خاوەنی ئیمتیازەکەی دوو جار دەستگیر کران و ماوەی (٤٨) کاتژمێریش لەبەندیخانەی هەڵەبجەی شەهیددا هێڵرانەوە، لەبارەی ڕۆژنامەکەیان و چۆنێتی دەستگیرکردن و هۆکارەکانی، ڕەوشت محەممەد سەرنووسەری رۆژنامەی ناوبراو بە(میدیا)ی ڕاگەیاند "رۆژنامەکەی ئێمە بەشێوەیەکی گشتی رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتییەو دەیەوێت ئیش لەسەر رەخنەگرتن بکات و خاوەنی ئیمتیازەکەی ناوی (عادل کۆچەری)ە. لەبەرواری (٢٠٠٥/١/١)ەوە بەشێوەی مانگانە دەردەچێت و تائێستا هەشت ژمارەی لێدەرچووەو لەژمارە سفرەوە لەحکومەتی هەرێم ئیدارەی سلێمانی، مۆڵەتی وەرگرتووە. کۆمەکی مادیشی لە زۆر سەرچاوەوە وەرگرتووەو لەرۆژنامەکەشدا ناوی ئەو سەرچاوانە بڵاو کراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەژمارە هەشتەوە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە منحەی بۆ بڕاوەتەوە کە مانگانە بری (٣٥٠) هەزار دینار چاپی نوێ وەردەگرین. لەبارەی هۆکاری دەستگیرکردنەکەشمان بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵێك دەگەڕێتەوە لەلاپەرە یەکی رۆژنامەکەداو گوتومانە لەو بەشە گازەی دێت بۆ مۆلیدەکانی خورماڵ، مانگانە (١٠,٠٠٠) لیتر دەمێنێتەوەو ئەو زانیاریەشمان لەدوو کارمەندی سەر مۆلیدەکانەوە بەدەست گەشتبوو. جگە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە، ئێمە هیچ شتێکی ترمان نەوتووەو باسی ئەوەشمان نەکردووە کە ئەو گازەی دەمێنێتەوە چی لێدەکرێت. دوای ئەوە خاوەنی مۆلیدەکان دەعوای لەسەر قەید کردین و بەکەفالەت بەربووین و بەپێی ماددەی (١٣٠) فەقەرەی ئەلیف، مەلەفەکەی ئێمە داخرا، چونکە شەکواکە لاواز بوو".
ڕەوشت محەممەد لەبارەی گرتنی دووەم جاریان گوتی "بەڵام دوای چەند رۆژێك لەمەرکەزی خورماڵەوە بەتەلەفۆن بانگکراینەوە، لەکاتێکدا ئەو رۆژانە دەوام نەبوو، بۆیە هەستم بەشتێك کرد. ئێمە دوای



ئاگادارکردنەوەی سەندیکای رۆژنامەنووسان، رۆژی یەك شەممە چووینە ئەو مەرکەزەو پێیان وتین کە ئیفادەی تازەتان لێوەردەگرین، لەو ماوەیەدا زۆر داوای ئەویان دەکرد کە ناوی ئەو کەسانە بڵێم کە زانیاریەکانی داوە بەئێمە، ئەگەر من ئەو زانیاریانەم بدانایەتێ، ئەوا ئەو دوو برادەرە ناتبراو دەکران، بەڵام ئێمە مەبدەئیەن ئەمانەتی زانیارییەکان دەپارێزین، دواتر ئەو فەرمانبەرەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکردین لەهەڵەبجەی شەهید، پێیگوتم" خۆ ئێرە سوێد نییەو چیتاندواە لەرەخنە گرتن.
لەبارەی ئەوەی کە داخۆ ئەمجارەیان لەرووی یاساییەوە ئێوە تاوانبار دەرناچن، ڕەوشت گوتی "ئێمە شاهێدمان هەیەو دەنگی ئەو کەسانەش کە زانیاریەکانیان پێداوین، لای ئێمە بەتۆمارکراوی ماوەتەوەو بەڵگەی زۆر روون هەیە لەسەر ڕاستی هەواڵەکە، بۆیە ئەگەر بەپێی یاسا مامەڵەمان لەگەڵ بکەن، هیچ گرفتێکمان نییەو هەرگیز لەبڕیاری یاساش ناترسین".
لەبارەی ژمارەی ئەو رۆژانەی کە تەوقیف کراون و چۆنێتی ئەو بەندیخانەی تێیدا ماونەتەوە، ڕەوشت گوتی "دوای ئەوەی کە ئێمە ئامادەنەبووین ناوی سەرچاوەی زانیارییەکان بدەین، بە هەشت رۆژ تەوقیف کراین و دوو شەوو دوو رۆژ لەبەندیخانەی هەڵەبجەی شەهید هێڵراینەوە کە ژوورێکی (٣ بە ٥) مەترەو جاری واهەیە (٢٩) کەسی تێ دەکەن و هیچ ئامێرێکی فێنکەرەوەی تێدا نییەو دەبێت کەسوکارەکەی خۆت خواردن و پانکەت بۆ بهێنن. ئێمە دوو شەوو دوو رۆژ لەو سجنەدا ماینەوە، لەکاتێکدا بەپێی یاسا دەبوو بە کەفالەت ئازاد بکراینایە، بەڵام ئازاد نەکراین و ئەوەش بۆ خۆی مانایەکی هەیە".
ئەو سەرنووسەرەی رۆژنامەی خورماڵ لەبارەی جیاوازی مەوداکانی ئازادی لەنێوان دەسەڵاتی کۆمەڵی ئیسلامی و یەکێتی نیشتمانی لەو شارۆچکەیە گوتی "لەسەردەمی دەسەلاتی ئیسلامیەکاندا ئازادی لەو شارۆچکەیەدا زۆر کەمبوو، ئێستا تارادەیەك باشترە، بەڵام حزب و حکومەت بەجۆرێك تێکەڵ کراوە کە ئاسان نییە لێکی جیا بکەیتەوە".

## قایمقامی هەولێر:

# هیچ کێشەیەك بەنێوی ئەزمەی بەنزین لە هەرێمدا نییە

پ. میدیا- هەولێر/ ماوەیەکە گرفتی کەمی بەنزین سەرانسەری پارێزگای هەولێری گرتۆتەوەو بۆتە هۆی نارەزایی، بەڕێوبەری نەوت و کانزاکانی هەولێر دەڵێت "ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بەسەر دابەشکردنی بەنزینەوە نییە لەم شارەدا نییە".
سیروان ئەبوبەکر بەڕێوبەری نەوت و کانزاکانی هەولێر لەلێدوانێکدا بۆ (میدیا) دەڵێت کەوا ئێمە وەکو بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی هەولێر هیچ پەیوەندییەکمان بەسەر دابەشکردنی بەنزین لەشاری هەولێرا نییەو "ئەرکی ئەم کارە خراوەتە سەر ئەستۆی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێرو بەرپرسانی ئەنجوومەنی پارێزگای راستەوخۆ سەرپەرشتی دابەشکردنی بەنزین دەکەن".
خەڵکی هەولێر ئەوەیان بۆ بووەتە جێگەی پرسیار کە ئایا بەنزین هەروەکو جاران لەولاتانی دراوسێوە بەبەردەوامی دەگاتە کوردستان یان نا.
نیهاد لەتیف قایمقامی هەولێریش سەرەڕای نەبوونی بەنزین و ئەو کێشەیە دەڵێت "هیچ کێشەیەك بەناوی ئەزمەی بەنزین لەهەرێمدا نییە".
هەروەها ناوبراو نەبوونی بەنزینی لەم ماوەیەشدا بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە شوێنی بەتاڵکردنی تانکییەکانی بەنزینیان گواستۆتەوە بۆ ناوچەی "کەوەر گۆسك"و لەوێش خەرێکی پڕکردنی ئەمبارەکانی بەنزینن.
هاوولاتیان باس لەوە دەکەن کە بەرپرسانی حکومەت بەبەردەوامی دەڵێن ئەگەر بێتو بەنزین بۆ ماوەیەکی زۆر نەگاتە کوردستان، ئەمبارەکانی بەنزینی حکومەتی کوردستان دەتوانێ وەلامدەری پێداویستییەکانی خەڵکی ئەو ناوچەیە بێت.
لەبارەی چارەسەرکردنی ئەزمەی بەنزین قایمقامی هەولێر دەڵێت "لەماوەی چەند رۆژی داهاتوودا ئەو گرفتەش نامێنێ و بەنزین بەشێوەیەکی ئاسایی دابەشدەکرێت".
نیهاد لەتیف لەدرێژەی قسەکانیدا گلەیی لە هەندێك کەس کردو گوتی "هەندێك هاوولاتی کە قاچاخچێتی بەنزین دەکەن بۆ ئەوەی بەنزینەکانیان بفرۆشرێ، کەڵکیان لەم بارودۆخە وەرگرتووەو پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاودەکەنەوە کە گوایە بەنزین بڕاوە".
لەهەمان کاتدا هاوولاتیان ئەوەیان بۆ بۆتە جێگەی سەرنجە کە فرۆشیارەکانی بەنزینی سەرجادە بەنزین لەکوێ دەهێنن و کە هەروا بەرەو زیاد بوون دەچن.

# کەرەکەی خۆم سەرنەبڕی بەڵکو لە شاخ بەستمانەوەو دوای سێ رۆژ تۆپی



شوێنی برینی قەپاڵی کەر بەدەستی جەبار عەزیزەوە

پ.میدیا- ڕواندز/ ماوەیەك بەر لەئێستا هەواڵێك بەنێو خەڵکدا بڵاوبۆوەوە، بەوەیی گوێدرێژێك دوایی ئەوەی هێرش دەکاتە سەر خاوەنەکەی و چەند گەزێك لەجەستەی دەگرێ و لەلایەن خاوەنەکەییەوە بەدارەوە هەلدەواسرێ و دواتریش سەری لەجەستەی دەکاتەوە.
بۆ بەدواداچوونی ئەم هەواڵە سەردانی گوندی (گەرەوان)ی سەر بەناحیەی (ڕواندز)مان کردوو لەنزیکەوە ئەو کەسەمان دواند کە گوێدرێژەکە لەقی لێ دابوو، (جەبار عەزیز سەعید) کە تائێستاش برینەکانی بەستراوان و یەکێك لەبرینەکانی نیشان داین کە پڕ بەدەمی گوێدرێژەکە گۆشتی لێ دەرهێندرابوو دکتۆرەکانیش پیانوتبوو دەبێ گۆشت لەرانت بکەینەوەو ئەو شوێنەی پێ پڕ بکەینەوە کە باسکیەتی. ئەو سەرەتا رەخنەی لە خەڵك گرت بەوەی هەواڵەکان بەدروستی ناگەیێننە یەکتری و، بەتایبەتیش رەخنەی لەو رۆژنامە گرت کە هەواڵەکەی بڵاوکردۆتەوە، ئەو بەم شێوەیە روداوەکەی بۆ باسکردین "من ماوەی (٧) ساڵە ئەم گوێدرێژەم هەیەو خزمەتێکی زۆرم کردووە، لەم دوایانەدا وەکو هەموو خەڵکانیك گوێدرێژەکەمان بەرەللای شاخەکان کرد لەبەر ئەوەی پێویستمان پێیی نەبوو، لەم ماوەیە گەڕابووە، منیش رۆژی ٢٠٠٥/٧/٢٠ وەکو هەموو جارێك لێی چوومە پێش و راستەوخۆ ملی گرتم و هەوڵمدا خۆی لەدەست دەربازبکەم بەڵام بێ ئەنجام بوو، تا دواتر بەداریك لەسەرمداو ملی بەردام و ئەوجا باسکی گرتم و پڕ بەدەمی خۆی گۆشتی لەباسکی دەرهێنام و ئەوجا وازی لێهێنام" کاك (جەبار عەزیز) لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ "ئەم گوێدرێژە سێیەم جاربوو هێرشی سەر ئێمەی دەکردو لەم دوایەش بەتەواوی تووشی شێت بوون هاتبوو بۆیە لەسەر قسەی مەلایەکەشمان دوورمان خستەوە لەگوندو لەشاخێکی دەوروبەری گوند بەگوریسیك بەستمانەوە بۆ ئەوەی نەگەڕێتەوە نیو گوندو دوایی (٣) رۆژیش تۆپی بوو" ئەو لەدرێژەی قسەکانیدا رەخنەی لەرۆژنامەیەك گرت کە لەشاری هەولێر دەردەچێ بەوەی هەواڵەکەیان بەشێوەیەکی ناڕاست بڵاوکردۆتەوەو دەڵێ "گویا من لەدوایی پڕدانی گوێدرێژەکە راستەوخۆ بەدارم هەلواسیبێ و دواتریش سەرم لەجەستەی جیا کردبێتەوە، کە ئەمەش لەراستییەوە دوورە" پرسیاری کرد "دەبێ ئێمە لەو مرۆڤانە جیا بین کە لەشار دەژین و هەڵسوکەوتمان جودا بێ لەوان".

# دەستووری شەرمەزاری و کۆیلەیەتی

جەمال نەبەز- ئەڵمانیا



هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەقی رەشنووسی "دەستووری عێراق"، رەشەبایەکی توندو تۆڵی توورەیی و هەڵچوون؛ لەنێو چینی رۆشنبیری بەتەنگەوە هاتووی نەتەوەی کوردو خەڵکی کوردستاندا هەڵیکردو، لەهەموو لایەکەوە، هەستی گومان و دڵەڕاوکەو ناهومێدی و ماتەمینی، باڵیکێشا بەسەر رەشووڕووتی دەستخەڕۆکراوی کورددا. ئەرێ... پاش دوو ساڵ هاش و هووش و بەڵێندان و خۆگێفکردن و سوێندخواردن و جاڕدانی ئەوەی کە نێویان نابوو "شەڕی دەستوور"؛ چیای دوو زلحیزبەکە ژانی گرت و مشکەکوێرەیەکی دەرفرتاند. منیش، هەروەك ئەو خەڵکە واقوڕماوە، خەفەت و پەژارەیەکی قورس؛ سەرو دڵمی داگرت و، ناشزانم بۆچی دەمودەست هۆنراوەکەی پیرەمێرد هاتەوە یادم، کە پاش رووخانی کۆماری کوردستان گوتوویەتی:

ئەی نائومێدی، ئەی نائومێدی

نەگبەتیی وەها، توخوا، ساکێ دی؟

هەر لەگەڵ ئەوەشداو، هەرچەندە ئەز شاعیر نیم، بەڵام ئەم "میعر"ەی خوارەوە هات بەخەیاڵمدا:

کوردە، دەتەوێ؛ نەبی دەسخەڕۆ

بە ئاوات بگەی؛ نەبی رەنجەڕۆ

بێ بیر کردنەوە، بەڕێدا مەڕۆ

روو وەربگێڕە لە حیزبی پەڕۆ

باوی کۆیلەیی، نەماوە ئەمڕۆ

ئاخر مرۆڤ، دڵی بەچی خۆش بێ؟ چۆن دەبێ کەسانێك کە خۆیان کردووە بەدەمراستی نەتەوەو نیشتمانێك، هەڵسوکەوتیان ئاوا چەوتو چەوێڵ بێ؟ ئەوەتا؛ پاش هەشتا ساڵ پتر ژێردەستەیی و بەعەرەبکردنی کوردستان و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامان و ئەنفال و گۆڕی بەکۆمەڵ و چەکی کیمیایی و فرۆشتنی ژنانی کورد لەبازاڕەکانی دەوڵەتە عەرەبییەکاندا، بێجگە لەوەش، وێرانکردنی ٤٥٠٠ گوندو شارۆچکەی کوردستان و، دەربەدەری و ماڵوێرانی هەزاران و هەزاران خێزانی کەرکووکی و خانەقینی و شەنگاری و ئێزدی و فەیلی و شەبەك و، پاش چواردە ساڵیش ژیانی سەربەخۆو، دەسکەوتنی ئەو دەرفەتە مێژووییە مەزنەی کە رووخانی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق، وەك رێککەوتێك، هێناییە پێشەوە، چوون خۆیان خستەوە ژێردەستی داگیرکەری عەرەب و، ئەو رەشنووسە پڕ لە شەرمەزارییەیان هێنایە کایەو، کەچی دەفەرموون، ٩٨٪ی داخوازییەکانی کوریان بە ئامانج گەیاندووە. ئایا، ئەمە بەجێهێنانی ئەو بەڵێنە بوو، کە هەموو رۆژێك، چەند جار دووپاتیان دەکردەوەو، دەیانگوت: "کورد نایەوێ ببێتە هاونیشتمانی پلە دوو". ئایا ئەمە بوو "هاونیشتمانێتییە پلە یەکەکە؟" بێجگە لەمەش، دەیانگوت "پێشمەرگە نێوێکی پیرۆزو دەبێ بمێنێ و هەردەمێنێش". کامەتە نێوی پێشمەرگە؟و بەرێزینە! "پاسەوانی هەرێم و سنوور" شتێکەو، "پێشمەرگە" شتێکی دیکەیە. "پاسەوانی هەرێم" بەشێکە لە

بە پێی دەستوورەکە، دەسەڵاتی هەرە گەورە لەدەوڵەتدا؛ بەدەست سەروکوەزیرانەوەیە، بەتایبەتی وەك فەرماندەری هێزە چەکدارەکانی هەموو عێراق. بەڵام سەرۆککۆمار، هەر بە پێی دەستوورەکە دەورێکی "تشریفاتی و احتفالاتی" پێدراوە، واتا، بۆ بەخێرهاتنکردنی مێوانان و بەشداریکردن لەئاهەنگەکاندا

لەشکری عێراق و بەفەرمانی دەوڵەتی عێراق دەجولێتەوە. کامەیە ئەو بڕیاری چارەنووسەی کە دەیانگوت "دەبێ بچێتە دەستوورەوە، تا کورد پشت ئەستوور بێ بەوەی جارەکی دی ئەنفال و تەعریب نابینێتەوە"؟ خەڵك بەوە هەڵناخڵەتێن، کە لەجیاتی بڕیاری چارەنوس کە پێگە (منطلق) و تێگە (مفهوم)ێکی قانوونیی نێودەوڵەتییەو راستوراست؛ مافی جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ دەگەیەنێ، ئەم رستەیە بفرۆشن پێی: "أنّ الالتزام بهذا الدستور يحفظ للعراق اتحاده الحر شعباً وارضاً وسيادةً". کەی ئەمە باسی مافی بڕیاری چارەنووسە؟ کەر لەکوێ کەوتووەو کوندە لەکوێ دڕاوە!!

سەیر ئەوەیە؛ بەیەك وشە نێوی ئەو گەلکوژییە نایەت کە لەکورد کراوە لەسەردەمی سەددامدا. ئەوەتا، لەپێشەکیەکەیدا، باسی "مجازر"ی هەڵەبجە کراوە، "مجزرە" لەزمانی عەرەبیدا بە "قەسابخانە" دەگوترێ کە لەزمانی ئینگلیزیدا (massacre)ە، کە لەبنەڕەتدا وشەیەکی فەڕەنسییە. لەکاتێکدا ئەوەی لە هەڵەبجەو بادینان و زەردیئاواو سەردەشت کرا، "مجزرة" نەبوو، بەڵکو گەلکوژی بوو؛ بەهەموو مانای وشە. گەلکوژی بە عەرەبی "الابادة الجماعية"یە نەك "مجازر"و، بەزمانی ئینگلیزی (Genocide)ە، کە لەبنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانیی - لاتینییە. ئەگەر، "ئەنفال" وەك Genocide لەدەستووردا جێگیربکرابا، بۆ داواکارییەکانی کورد لەدواڕۆژدا بەڵگەیەکی قانوونی دەبوو بەدەست کوردەوە.

ئەی ئەو بەڵێنەتان. چیلێهات، کە داتان بەخەڵك و دەتانگوت "نامانەوێ دەوڵەتێکی ئاینی لەعێراقدا دروستببێ و، دەوڵەت دەبێ سێکۆلار (عەلمانی) بێ"و "دەوڵەت"و "ئاین"؛ دەبێ لەیەك جیابکرێنەوە". ئەوەتا، دەستوورەکەتان دەبێژێ:

"الإسلام دين الدولة الرسمي، وهو مصدر اساس للتشريع".

"مصدر أساس"، لێرەدا، ئەوە دەگەیەنێ کە "اسلام" سەرچاوەی بنچینەیی هەموو قانووندانانێکە. ئەوەش فێڵێکی زمانەوانییە، کە ئاخوندە شیعەکان باش سەریان لێدەردەچێ. چۆنکە، ئەگەر مەبەست، "یەك سەرچاوەی بنچینەیی" بوایە، وەك کاربەدەستانی دووزلحیزبەکە دەبێژن، دەبوایە بگوترایە "وهو مصدر بين المصادر الاساسية الاخرى للتشريع" یان "مصدر من المصادر الاساسية للتشريع". ئەوجا؛ کە نێوی سەرچاوەکانی دیکە نەهاتووە، ئەو رستەیە بەو شێوەیە؛ وادەگەیەنێ کە هەموو سەرچاوەکانی دیکە دەبنە سەرچاوەی لاتەنیشت "مصادر جانبية" یان "مصادر فرعية".

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، هەر لەپاش ئەو رستەیەی سەرەوە، ئەوەی خوارەوە هاتووە:

أ -لا يجوز سن قانون يتعارض مع ثوابت احكام الاسلام.

بەڵام هەر لەژێر ئەمەدا لەبەشی (ب)دا دەبێژێ:

ب -لا يجوز سن قانون يتعارض مع مبادئ الديمقراطية.

ئێستە، کە ئەمە وابێ و، هیچ قانوونێك دەرنەکرێ کە دژی "فەرمانە نەگۆڕەکانی" ئیسلام بێ و، هیچ قانوونێکیش دەرنەکرێ کە دژی "سەرەتاکانی دیمۆکراسی" بێ، مانای وایە، "فەرمانە نەگۆڕەکانی ئیسلام"و "سەرەتاکانی دیمۆکراسی" هەر یەك شتن و وەك یەکن و، هیچ ناکۆکییەك نییە لەنێوانیاندا. بەڕاستی، ئەگەر یەکێك ئەم قسەیە بکاو، بەمەبەستی خاپاندنی خەڵکو چاوبەست نەبێ؛ ئەوا دیارە؛ نە لە ئیسلام گەیشتووەو، نە لە دیمۆکراسی. ئیسلام ئاینەو، بە پێی باوەڕی موسڵمانان، فەرمانی خودێیەو نەگۆڕەو، دیمۆکراسیش؛ سیستەمێکی فەرمانڕەوایی و کۆمەڵایەتییەو فەرمانی خەڵکەو لەگۆڕانێکی سەرومڕدایە؛ چۆنکە رامیاری؛

لەکۆمەڵگەیەکی دیمۆکراسیدا شێوای گۆڕانە، بەدڵی خەڵکەکەی. ئیدی ئیسلام و دیمۆکراسیتان؛ چۆن کردە یەك، ماڵتان ئاوابێ؟

لەباسی "جنسية"دا هاتووە:

ب - تسحب الجنسية العراقية من المتجنس بها في الحالات التي ينص عليها القانون.

باشە، ئەو "حالات"ە (دۆخانە) چین؟ بۆچی باسنەکراون؟ ئایا، ئەمە نابێتە کوتەکێك بەدەست داگیرکەرانی عەرەبەوە، بۆ سەندنەوەی "جنسية" لەهەزاران و، بگرە سەتانهەزاران کورد، هەر کاتێك عەرەب دەستیانڕۆی، وەك لەعێراق و سووریا کردیان؟

لەلایەکی دیکەوە، لەدەستوورەکەدا هاتووە:

"لا يمنح حق اللجؤ السياسي الى المتهم بارتكاب جرائم دولية او ارهابية وكل من الحق ضرراً بالعراق".

باشە! ئەمە مانای ئەوە نییە کە سبەینێ کوردێك لەئێران، یان ترکیا، یان سوورییە،

دواخستنی، گوایە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و نێوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان، کە بەدەست دوو زلحیزبەکەوە نین، بۆ کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧، جەزرەبەیەکی کارایەو دراوە لەبڕبڕەی پشتی نەتەوەی کوردو خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی کەرکوکییەکان

زۆرکرا لێی؛ کە لەسەر مافی خۆی هەڵبداتی و، بەربەرەکانێی ئەو رژێمە داگیرکەرانە بکاو، لەئەنجامدا تەنگهەڵچنرا پێیی و، ناچار بوو، رابکا بۆ عێراق، ئەو کوردە بە تیرۆریست (ارهابی) دەدرێتە قەڵەم و، دەگوترێ ئەو کوردە بەو کارەی کە کردوویەتی، کارێکی تیرۆریستانەی ئەنجامداوەو، بە پەنابردنی بۆ عێراق، دڵی ئەو دەوڵەتانەی لەعێراق ئێشاندووەو، زیانی گەیاندووە بەعێراق و، دەبێ؛ بدرێتە دەست ئەو دەوڵەتە!

دواخستنی، گوایە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك و نێوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان، کە بەدەست دوو زلحیزبەکەوە نین، بۆ کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧، جەزرەبەیەکی کارایەو دراوە لەبڕبڕەی پشتی نەتەوەی کوردو خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی کەرکوکییەکان. لێرەدا دەبێ بپرسین، ئایا، حکوومەتێکی عێراقی، کە ئەورۆ گەرەکێکی بەغدای بەدەستەوە نییەو، سەرەڕای؛ چەند جار بەڵێندانی بۆ گێڕانەوەی کەرکووکییە دەرکراوەکان و عەرەبە هاوردەکان، بۆ شوێنی خۆیان، درۆیکردو شەرمینەکردو، هەر لەم رۆژانەشدا؛ فەرمانیدەرکرد بۆ دوورخستنەوەو لابردنی هەموو ئەو ئەفسەرو پۆلیسە کەرکووکییانەی کە لەکاتی سەددامدا لەکەرکووك دەرکرابوون و، دوایی گەڕانەوە کەرکووك و، خوێنی خۆیان کردە کاسەو، بوونە هێزێك بۆ پاراستنی خەڵکی کەرکووك و، کاتی خۆشی هەر لەم رۆژنامەیەدا نووسیم؛ کە وەزیری نێوخۆی جەعفەری، بەیان جەبر سولاخ کە خۆی کردووە بە "زوبێدی"، ترکمانێکی شیعەی سەر بەرژێمی ئێران و دژ بەکوردە، ئایا لەم جۆرە کەسانە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ، پاش ئەوەی جێی خۆیان قایمکردو، دەسەڵاتیان گرتە دەست، بەخێری "ئیمامی زەمان" کێشەی کەرکووك چارەسەر بکەن؟ بێگومان نا و نا! ئەمەش خاڵانەی ئەوەیە کە؛ وتووێژکەرانی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ سەددام حسەین، کە یەکێك لەوانە، بەڕێز دوکتۆر مەحموود عەلی عوسمان بوو، کە ئەورۆش هەر وتووێژکەری بلیمەتی ئەم دەستوورەیە، چوار ساڵ ماوەیان دا بە رژێمی بەعس، تا خۆی کۆکردەوەو، ئەوەبوو ژەهری ماری کرد بە گەرووی کوردو خەڵکی

کوردستاندا. دانی ئەم دەرفەتەش بە رژێمی نوێی عێراق؛ شتێکە لەو بابەتەو کوێرەوەرییەکی دیکەیە بۆ رەشووڕووتی کوردستان و، بەتایبەتی خەڵکی لێقەوماوی کەرکووك.

لەشوێنێکی دیکەدا؛ دەستوورەکە رێژەی ژنانی لەپەرلەماندا؛ بە"لایەنی کەمەوە" ٢٥٪؛ واتە چواریەکی پیاو داناوە، کەواتە ٢٥٪ (مقبول)ە. ئێمە تائێستە، پێمانوابووکە "ژن نیوەی پیاوە"و "شایەتیی دوو ژن لەبەردەم دادگەدا بەشایەتیی پیاوێك دەچێ"، بەڵام نەماندەزانی ژنێك بووە بە "چارەکی پیاوێك". تۆ بڵێی ئەمەیان نەخستبێتە ئەستوێ "شەرع"و نەیانگوتبێ، باشە، کە پیاوێك مافی ئەوەی هەبێ؛ چوار ژن بهێنێ، دیارە بە ماتماتیك؛ هەر پیاوێك بەرامبەر چوار ژنەو، هەر بە ماتماتیکێکی سادەش؛ دەتوانیت بزانیت کە هەر ژنێك "روبعی" پیاوێکە. بەڵام، بەڕاستی ئەزسەرم لەوە دەرناچێ، چۆن بەڕێز حەمیدە فەندی، وەزیری پێشمەرگە، ژنی پێنجەمی هێناوەو، فەرموویەتی بەپێی "شەرعی شەریف" ئەوەیکردووە. وادیارە، ئەم کێشەی "خومسە" (١/٥) بۆیە لەدەستووردا باسنەکراوە، چۆنکە پێشمەرگە، لەمەودوا، دەچێتە ریزی، "ناسخ و منسوخ"ەوەو، ئەوەش دیارە بە "فتوا"ی مەلا سیستانی، چۆنکە لەدەستوورەکەدا، وەك هەموو دەستوورێکی "مۆدێرن"؛ باسی "فتوا"، واتە "مەرجەعیەت" کراوەو، تەنانەت بەپێی قانوون؛ دەکرێ "فەرمانگەیەك" دابمەزرێ، بەنێوی "مجلس الدولة"؛ کە کاری "فتوادان"یشی بەدەستبێ و "نوێنەری دەوڵەت" بێ لەبەردەم دەزگە دادوەرییەکاندا. ئەرێ، ئەمە ئەو پێشمەرگەیە بووە کە "هێزێکی پیرۆز" بوو و، "مساوەمە" نەدەکرا لەسەری. ئای... مەلا مستەفای بارزانی و هەزاران پێشمەرگەی شەهید بووی شۆڕشی ئەیلوول، گۆڕ هەڵتەکێنن، کێ کردی و کێ خواردی؟؟؟

بە پێی دەستوورەکە، دەسەڵاتی هەرە گەورە لەدەوڵەتدا؛ بەدەست سەروکوەزیرانەوەیە، بەتایبەتی وەك فەرماندەری هێزە چەکدارەکانی هەموو عێراق. بەڵام سەرۆککۆمار، هەر بە پێی دەستوورەکە دەورێکی "تشريفاتی و احتفالاتی" پێدراوە، واتا، بۆ بەخێرهاتنکردنی مێوانان و بەشداریکردن لەئاهەنگەکاندا. ئەوجا ئەگەر زانیمان کە سەرۆکوەزیران، بەپێی دەستوورەکە، هەمیشە لەو حیزبە هەڵدەبژێردرێ، کە زۆربەی زۆری ئەندامانی لەپەرلەمانەکەدا هەبێ، ئەوا دەبێ بزانین کە سەرۆکوزەیران؛ هیچ کاتێك لە کورد نابێ، چۆنکە ئاشکرایە، کە هیچ حیزبێکی کوردی؛ لەهەڵبژارندا؛ زۆربەی زۆری ئەندامەکانی پەرلەمانێکی عێراقی وەدەستناهێنێ.

لەشوێنێکی دیکەی دەستوورەکەدا وایپێشاندراوە کە ئەوی دەبێ بە پەرلەمەنتار دەبێ "باوەڕنامە" (شهادە)ی بەرزی (زانستگەیی) هەبێ. لەبەر ئەوەو، بەم بۆنەیەوە، ئاگاداریی هەردوو برای بەڕێز خەفوور مەخمووری و حەمەی حاجی مەحموود دەکەم، هەتا زووەو بەپەلە، چەند کۆرسێکی خەستی فیزیك و ماتماتیك و کیمیاو زانستی ئاژەڵناسی بخوێنن، تابتوانن بە "خارجی" لەتاقیکردنەوەدا بەشداربن، بەڵکو بتوانن دیپلۆمی "کیمیای خەڵووز"، یان ماستەری "بەخێوکردنی هەنگ" وەربگرن، ئەگەرنا، ناتوانن ببن بە "دەمڕاستی گەل"و، دەبێ دەمی خۆیان بگرن و، زۆر قسەش بکەن، بێ دیپلۆم و ماستەر؛ ئەوا "ئیجازە"ی حیزبەکانیشان بە "فتوای مەرجەعییەت" لێدەسێندرێتەوە.

لەشوێنێکی دیکەی دەستوورەکەدا نووسراوە:

"تكفل الدولة تعويض اسر الشهداء والمصابين نتيجة الاعمال الارهابية"

بێگومان "شهداء" (شەهید بووان) "والمصابين" (کەفتەکاران، کوڵەورانی رووداوێك)، شتێکی نادیارە. لێرەدا دەبێ رەپوڕاست بێژین، کە سەرکردەکانی دوو زلحیزبەکە، وشەی "تاوانی نێودەوڵەتی"و "ئەنفال"و "بەکارهێنانی چەکی کیمیایی"یان بەخشیوە بە "برایەتی"و پاراستنی کورسییەکانیان؛ کە هەتا بێ؛ شەقولۆقتر دەبێ. ئەمەش بەئاشکرا دەڵێم کە ناپاکییەکی گەورەیەو لەکورد دەکرێ؛ چۆنکە ئەو "ئەنفال"و "چەکی کیمیایی"یە؛ دوو بەڵگەی زۆر بەهێز بوون بەدەست کوردەوە، بۆ داواکردنی جیابوونەوەی خۆی لەدەوڵەتی عێراق. بەتایبەتی لەبەر ئەوەی ئەگەر دەوڵەتێك، هەوڵی تەفرو توونا کردنی گەلێکی ژێردەستەی خۆی بدا، نەك هەر مافی ئەوەی نابێ، جارەکی دی، ئەو گەلە بخاتەوە چوارچێوەی خۆی، بەڵکو، پیاوێکیش، ئەگەر هەوڵی کوشتنی ژنی خۆی بدا، جارەکی دی مافی ئەوەی نییە داوا لە ژنەکەی بکا سڵاو

بکا لێی، بەڵکو دەبێ بخرێتە زیندانەوە، ئەوجار، کە دەوڵەتی عێراق، وەك دەوڵەت، تائێستە حوکم نەدراوە، لەبەر ئەوەیەکە دوو زلحیزبەکە چاویان پۆشیوە لەو "دەعوا"یەو، دەبێ دەوڵەتی عێراق دادگەیی بکرێ، وەك چۆن ئەڵمانیای نازی؛ بەرامبەر هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانیی دووەم و، کوشتنی چەند ملیۆنێك جوولەکە؛ دادگەییکراو سزادرا، دەبێ دەوڵەتی عێراقیش سزا بدرێ. کوا سزادانی عێراق و مافی کوردتان بۆ کوێ برد، زلحیزبینە؟.

دەستوورەکە باسی نەتەوەکانی عێراق دەکاو دەبێژێ:

"العراق بلد متعدد القوميات والاديان والمذاهب، وهو جزء من العالم الاسلامي، والشعب العربي فيه جزء من الامة العربية".

کە عێراق، وڵاتێکی تێکەڵ بێ لە چەند "قەومیات"و "ئاین"و، بەئاشکرا نەگوترابێ کە پارچەیەکی کوردستان لەعێراقدایەو، بەلایەنی کەمیشەوە، نەگواترابێ "کە گەلی کورد لەعێراقدا بەشێکە لە نەتەوەی کورد"؛ بەڵام گوترابێ کە "گەلی عەرەبی عێراق، بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب"و، لەلایەکی دیکەشەوە گوترابێ کە عێراق "بەشێکە لە جیهانی ئیسلام"، ئەو دەمە بەپێی دەستوورو، بە "فتوای مەرجەعییەت"؛ هەموو عەرەبێکی سۆدانی و میسری و سووری و یەمەنی و سعوودی و، هەموو موسڵمانێکی پاکستانی و ئەفغانی و ئێرانی و ئەندەنۆسیایی؛ مافی ئەوەیان دەبێ، بەنێوی "پاراستنی عەرەب و ئیسلام"ەوە؛ پەلاماری کوردو هەموو کەسێکی دیکەش بدەن کە دەم لە ئازادیخوازییەوە بدا. ئەوجا، ئێستە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، ئایا، ئەوانەی ئەم دەستوورەیان سازداوە، بەڕاستی نوێنەری خەڵکی کوردستانن؟

لەمانەی سەرەوەش بترازێ، بەندێکی زۆر مەترسیدار لە دەستوورەکەدا هەیە، ئەوەش رێگە دانە بە هەر پارێزگەیەك کە بتوانێ ببێتە هەرێمێکی فیدراڵی، کێ دەیزانێ، ئەگەر کەرکوك ناحیەو قەزا لێبڕاوەکانی نەخرێتەوە سەرو، عەرەبە هاوردەکانی لێدەرنکرێ، نابێتە فێدەراڵییێکی سەربەخۆ لەدەرەوەی کوردستان، کە وەك دەڵێن مەلا سیستانی و ئەمریکا لەم رووەوە هاودەنگی یەکن.

بەڵێ، ئەم دەستوورە بەرهەمی ئەو هەڵبژاردنە بوو کە دەیانگوت، ئەوی نەچێ و دەنگ بۆ لیستەکەیان نەدا؛ "خاین"ەو، بەو چاوڕاو بەو بەڵێنە بێسەروبەرانە، هەزاران کوردستانی و هەزاران کوردی ئەورووپایان خاپاندو، ناچاریانکردن؛ خۆیان بکەنەوە بە عێراقی و، بچن پەساپۆرتی عێراقی وەربگرن و، بەوەش مافی پەنابەرێتییان لەدەستداو، کاتی خۆشی هاوبیری هێژا؛ سەروەر جەوادی مەلا، پەنابەرانی لەوە هۆشیار کردەوە، کە دەبوونەوە بە عێراقی و دەچوون بۆوەرگرتنی پەساپۆرتی عێراقی پێیگوتن، ئەو پەساپۆرتە، بەڵگەی ناردنەوەیان دەبێ و، لەکوردستانیش کەس بەتەنگیانەوە نایەت. قسەکەی راستدەرچوو. ئەوەتا، ئەورۆ دەوڵەتەکانی ئەورووپا، گوشار دێنن بۆیان و، رەوانەی عێراقیان دەکەنەوەو، ئەمەش دەبێتە شێواندنی ژیانی هەزاران و هەزاران خێزانی کورد، کە لەئەورووپا بەکولەمەرگی، توانیویانە، منداڵانیان بنێرێنە قوتابخانەکان و، ژیانێکی سادە بۆ خۆیان پێکەوە بنێن. لێرەدا؛ پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەمجارەش، کە کاتی هەڵبژاردن و راپرسی لەسەر "دەستوور" هاتە پێشەوە، خەڵك بەبەڵێنی وەك بەڵێنەکانی پێشوو، تەفرە دەخۆن، یان هەڵوێستیان دەبێ و، پەندە کوردییەکە دەبێ بەسەر مەشقی کاریان، کە دەبێژێ "ئەگەر جارەك منت خەڵەتاند، خودێ بتگرێ، خۆ ئەگەر جارەکی دی منت خەڵەتاند، خودێ خۆم بگرێ".

لەکۆتاییدا دەبێژم، ئایا پێویست بوو عێراق دەستووری هەبێ؟ یان باشتر وابوو؛ "بێ دەستوور" بێ و، لەنێوان زەوی و ئاسماندا بەهەڵواسراوی بمێنێتەوەو، سەرکردەکانی دوو زلحیزبەکەو، "مَنْ لَفَّ لَفَّهُمْ" لەباتی ئەوەی خەریکی عێراقچێتی و، رێکخستنەوەی نێو ماڵی سوونییەکان و شیعەکان بن و، لەگەڵ یەك ئاشتیانبکەنەوە، جارێ خەریکی رێکخستنەوەی نێو ماڵی خۆیان بن و، ئەو بەڵێنەی کە ساڵانی ساڵە دەیدەن بە کورد، بۆ یەکخستنەوەی دوو حکوومەتەکەیان؛ بهێننەدی. کە هیچ کات نایهێننە دی. دەستنیشانکردنی سنووری کوردستانیش، قسەیەکی قۆڕە، هەتا ئەو دوو بەرێوەبەرێتییە (واتە دوو حکومەتەکە) نەبنە یەك حکوومەت، لەبەر ئەوە؛ هەموو باسێکی کەرکووك و "نێوچە داگیرکراوەکانی دیکە"، تەنێ بۆ خاپاندن و بازرگانیکردنەو، ئەمەش وەك مەسەلەی فەلەستینە؛ کە دەوڵەتە عەرەبییەکان، ساڵانی ساڵ بازرگانییان پێوەکردو، کردیانە بەڵگە بۆ دیکتاتۆرێتی و نەهێشتنی ئازادی و مسۆگەر کردنی ژیانی شاهانەی خۆیان و بنەماڵەیان.

* سەرنج: دەقی دەستوورەکە لە "موسوعة النهرين" ەوە وەرگیراوە.

٢٠٠٥/٨/٢٧